# وێنەی خوازەیی لە دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محەمەد)ی شاعیردا

**ئیدریس محەمەد رضا[1]، ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا[2]**
[1,2] بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Edres76.em@gmail.com

## الملخص

المجاز وفق ما لديها من أهمية، في أنتاج الصور الأدبية المختلفة، قد تساهم هذه الصور كلها في أنتاج الأقتصاد الكلامي، وصنع أيجاز جميل للكلام، و في كثير من الأحيان لا يدريك ذلك القارئ العادي، و أنما يدركها القارئ المختص، وتصنع الصور المجازية غرض الأيجاز الألفاظ في النص الأدبي، و تعطي لذة لقارئ النص، أذ بواسطتها تتغير طريقه الكلام العادي الى صور مختلفة.

المجاز هي أحدى الفنون اللتي تصنع أساسيات الأدب، و تعطي جمالا للنص الأدبي المطلوب طريقتها، و من هنا يقدم هذا البحث خدمة لتوثيق نصوص الشعراء المشار اليها في البداية.

**الكلمات المفتاحية: المجاز ، المجاز البدهية ، المجاز المرسل، العلاقات المجازية.**

**كليله وشەکان بریتین لە: خوازە، خوازەی ژیری، خوازەی رەها، پەیوەندییە خوازەییەکان.**

المجاز هي أحدى الفنون اللتي تصنع أساسيات الأدب، و تعطي جمالا للنص الأدبي المطلوب طريقتها، و من هنا يقدم هذا البحث خدمة لتوثيق نصوص الشعراء المشار اليها في البداية.

الكلمات المفتاحية: المجاز ، المجاز البدهية ، المجاز المرسل، العلاقات المجازية.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٢/٢٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/٢٤ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Edres76.em@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ ئیدریس محەمەد رضا، پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The metaphor according to its importance in the production of different literary images, it contributes through these images to the production of verbal economics by producing a beautiful summary of speech, and in many cases the images of the metaphor are not perceived by the average reader, but rather by the competent reader. Metaphorical images make for the purpose of brevity the words in the literary text, and give pleasure to the reader of the text, as by means of them the way of ordinary speech changes into different forms.

Metaphor is one of the arts that creates the basics of literature, and gives beauty to the literary text required by its method. Hence, this research provides a service for documenting the texts of the poets referred to at the beginning.

**Keywords: metaphor, intuitive metaphor, transmitted metaphor, impedance relations.**

## پێشەکی

## یەکەم/ گرنگی ناونیشان

هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناونیشانی توێژینەوە دەبێتە بنەما بۆ خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ ئەو بابەتەی لێکۆڵەر شرۆڤەی کردووە، ئێمە بە باشمان زانی بۆ ئەم توێژینەوەیە، ناونیشانی (وێنەی خوازەیی لە دیوانی تەمەنی ئەحمەد محەمەد)دا، هەڵبژێرین.

وێنەی خوازەیی وەك یەکێك لە بنەماکانی ڕوونبێژی، جێگەی سەرنج و تێڕامانی بەلاغییەکان بووە لە هەموو سەردەمەکاندا، لای کوردیش لە سەدەی ڕابردووەوە و بە تایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم، بووە بە بابەتێکی توێژینەوە و لای لێکراوەتەوە و شرۆڤەی شیعری هەندێك لە شاعیرانی پێکراوە.

## دووەم/ ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەکە وەصفییە، چونکە توێژینەوەکە وەصفی حاڵەتی ئەو داهێنانە دەکات، کە شاعیر وێنەکانی پێ دروست کردووە.

## سێیەم/ پێکهاتەی توێژینەوەکە

وەك هەر توێژینەوەیەکی تری زانستی، سەرەتای توێژینەوەکەمان بە ناونیشان و پێشەکییەکی پوخت دەست پێکردووە، دواتر توێژینەوەکەمان کردووە بە دوو بەشی سەرەکی.

لە بەشی یەکەم پێناسەی خوازەمان وەك لایەنێکی گرنگی ڕوونبێژی کردووە، لەڕووی وشەیی و زاراوەییەوە خوازەمان ناساندووە، هەر لەم بەشەدا بەڕیزبەندی ناوی ئەو بەلاغییانەمان هێناوە، ئەوانەی بە کتێب خزمەتیان بە کتێبخانەی کوردی کردووە، لە سەرەتاوە دەستیان بۆ ناساندن و ئاشناکردنی زانستی ڕەوانبێژی، بە خوێنەر و قوتابیانی بەشی کوردی کردووە، لایەنی (خوازە)مان وەك بابەتێکی پێویست بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگرتووە، هەندێك لەو جۆرانەمان باس کردووە، کە ئەوان باسیان کردووە و لە دیوانی شاعیریشدا نموونەمان بۆ بینیوەتەوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان تەرخان کردووە، بۆ لێکدانەوەی ئەو بەیتە شیعرییانەی خوازە تیایدا بووە بە بنیاتی ڕوونبێژی، ئەمەش بە ڕیزبەندی لە جۆرەکانی خوازە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو جۆرانەی باسیان لێوەکراوە و لە دیوانەکەدا نموونەمان بۆ بینیونەتەوە، لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێکمان بۆ توێژینەوەکە بەدەست هێناوە و لیستی سەرچاوەکانمان دەستنیشان کردووە.

چوارەم/ کێشەی توێژینەوەکە

دیوانەکەی شاعیر پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، بۆ هەموو ئەو داهێنانانەی شاعیر دایهێناون لە شیعرەکانیدا، شیعرەکانی ئاسان و دڵگیر و پڕ وێنەی شیعرین، بەڵام لایەنەکانی ڕەوانبێژی و لەناو ئەم لایەنانەشدا (خوازە)، مەڵۆیەکی گەورەی بۆ خەرمانی ڕەوانبێژی خڕکردۆتەوە، لەبەر ئەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە بۆ داهێنانەکانی شاعیر.

## بەشی یەکەم : خوازە وەك توخمێکی ڕوونبێژی

### تەوەرەی یەکەم : خوازە چییە؟

لێرەدا لە هەر دوو ڕووی وشەیی و زاراوەییەوە پێناسەی وشەی (خوازە) دەکەین:

**ا. لەڕووی وشەییەوە:**

لە زمانی ئینگلیزیدا بە (Metaphor) دەنوسرێت و دەخوێندرێتەوە، ((شێوەیەکە لە شێوەکانی قسەکردن، کە تیایدا وشەیەك یان ڕەمزێك لەبری شتێك، یان کارێك دادەنرێت، بە هیچ جۆرێك واتاکەی لەسەری ناچەسپێت، ئەم وشەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە لەلایەن فەرەنسییەکانەوە بەکار هاتووە و ئەوانیش لە یۆنانی کۆنیان وەرگرتووە، لە (to ‹‹ metapherein)ی یۆنانی وەریانگرتووە)) (Elizabeth Knowles, 2006, 1893).

خوازە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت: (المجاز)، (مەجاز) بە هەندێ لەم واتایانە هاتووە:

((مجاز/ ناوی شوێنە لە (جاز ب) واتە: (بەهۆی ئەوەوە دەبێ) هاتووە.

مەجازیش لە ئاخاوتن/ ئەو ئاخاوتنەیە، کە تەجاوزی ئەو مانایەی کردووە، کە بۆی دانراوە.

هەروەها (جەوەزە) بە واتای حەلاڵ بۆکردن ورێگەپێدانیش دێت)) (معجم المعاني الجامع، موقع الکترونی)

خوازە لە زمانی کوردیشدا بەم شێوەیە باسکراوە:

لە فەرهەنگی (نۆبەرەی گیو موکریانی) وشەی (مجاز) بەم شێوەیە پێناسە کراوە، ((مجاز: وشەیەکە بە پێچەوانەی واتای ڕاستەقینەی خۆی بەکار ببرێت و بخرێتە سەر واتایەکی تر کە هەڵیگرێ، خوازە، خوازراوە)) (٢٠١٧، ٤٨٩).

عەلائەدین سەجادی دەڵێت: ((خوازە وەیا خوازمان لە دەستووری زمانی کوردیدا ناون بۆ ئەو واتایەی کە لە زمانی عەرەبیدا بە (مەجاز) گوزارشتی لێ دراوەتەوە)) (٢٠١٩، ٥٩)، لێرەدا خوازە بە ناو ناسێندراوە لە بەرامبەردا عەرەب بە (مجاز) گوزارشتی لێ کردووە.

**ب. لەڕووی زاراوەییەوە:**

خوازە لە زانستی ڕەوانبێژیدا پێگەیەکی فراوان و گرنگی هەیە، جێگەی بایەخ و تێرامان و توێژینەوەی پسپۆڕانی ئەم بوارەیە، بریتییە لە ((وشەیەکی بەکارهاتوو بۆ واتایەکی تری دوور لە واتاکەی خۆی بەپێی جۆری بەکارهێنانی واتایەکی تری پێ دەبەخشێت)) ( السکاکی، ١٩٣٧، ٥٩٠)، بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ مانایەکی دوور لە مانای بنچی خۆی، بنەمایەکی گرنگە لە دروستکردنی وێنەی ڕوونبێژی لە ئاخاوتن و ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، خوازە هونەرێکە لەسەر بنەمای ((ڕاستی وەستاوە و دوورە لە درۆ، مەبەست لێی ئەوەیە، ئێمە لە وشەکانی تێپەڕیوین بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە وا پیشان بدەین کە دەربڕینێکی تایبەتی هەیە و کاریگەرییەکی باشتر و بەهێزتر دروست بکات، وەك لەوەی لەکاتی بەکارهینانی وشەکان لەشوێنی خۆیان دروستی دەکەن)) (عصفور، ١٩٧٤، ١٣١)، لێرەدا وشەی بەکارهاتووی بۆ غەیری واتای خۆی ناچێتە خانەی درۆ، بەڵکو بۆ جوانکردن وبەهێزکردنی دەربڕینەکەیە، ئیتر ئەو دەربڕینە ئاخاوتن بێت، یان شیعر، یاخود هەرشێوازێکی تری ئەدەبی.

دەتوانین لە پێناسەیەکی کورتدا بڵێین: (( خوازە: بریتییە لەوەی، کە وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ)) ( گەردی، ١٩٧٢، ٦٧)، وشەیەکە بۆ واتایەکی تر بەکاردێت، واتای بنچی خۆی ناگەیەنێت و واتایەکی

تر دەگەیەنێت.

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، کە خوازە بریتییە لە ((وشەیەکی بەکارهاتوو بۆ غەیری ئەو واتایەی بۆی دانراوە، لەبەر پەیوەندییەکی نێوانیان، کە لێکچوون نییە، لەگەڵ قەرینەیێك، کە ڕێگری دەکات لەوەی بۆ واتای دروستی خۆی بەکار هاتبێ..)) (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، ١٧٥)، وشەی خوازراو لێرەدا بۆ ئەو واتایە نییە، کە وشەکە دەیبەخشێت، بەڵکو بۆ واتایەکی ترە کە مەبەستێکی تر و واتایەکی تر دەدات، ئەمەش بەهۆی ئەو قەرینە جیادەکرێتەوە، کە لەناو ڕستەکە، یان دێرە شیعرەکە هاتووە.

خوازە لە پێکهێنانی هونەری شیعر و نەخشاندنی تابلۆ و وێنەی شیعریدا، بنەماو ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە، جگە لە وێنەی شیعریش ((خوازە دیاردەیەکی زمانییە بە تەنیا تایبەت نییە بە زمانێك جیا لە زمانەکانی دی، دروستبوونی ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بەرەو پێشچوونی زمانی)) (دنیا شهاب علی، ٢٠١٥، ٦٥)، لە هەموو زمانەکان بەگشتی و لە زمانی عەرەبیدا بە تایبەتی، خوازە بنەمایەکی سەرەکییە لە زانستی ڕەوانبێژیدا، ئەمەش بەهۆی دەوڵەمەندی زمانی عەرەبییەوە لەڕووی هەبوونی وشەوە، بەدوای ئەویشدا زمانی ئینگلیزی دێت.

لەم پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: خوازە بەشێکی گرنگ و فراوانی ڕوونبێژییە، بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ واتایەکی دوور لە واتای بنچی خۆی، ئەمەش بەهۆی بوونی مەبەستێك، کە ناهێڵێت بۆ واتای ڕەسەنی خۆی بەکاربێت، ئەم مەبەستەش واتایەکی نوێ دەبەخشێ بە وشە خوازراوەکە و واتایەکی نوێ دەدات بەدەستەوە.

خوازە لە زانستی ڕەوانبێژی لە زمانی کوردیدا، شوێنی (مجاز)ی لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا گرتۆتەوە، چونکە عەرەب ئەم لایەنە گرنگەی ڕەوانبێژی بە ((دیاردەیەکی پڕ شانازی ناو قسەو گفتوگۆکانیان دەزانن، دەڵێن: (مجاز) لووتکەی زمانپاراوی دەربڕینەکانە، ئەم بەلاغەتەشیان بە هۆکاری پێشکەوتنی زمانەکەیان بەسەر زمانەکانی تر دەزانن)) (ابی علی الحسن بن رشیق القیروانی، ١٩٨١، ٢٦٥)، لە زمانی عەرەبیدا زانستی ڕەوانبێژی پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، سەدان کتێبی ئەکادیمی و زانستیان لەم بوارەدا نووسیوە و پێشەنگ و لە لووتکەدان.

## تەوەرەی دووەم : ژمارەی هونەرەکانی خوازە

ژمارەی هونەرەکانی خوازە لای ڕەوانبێژانی کوردی جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لەبەر دوو تایبەتمەندییە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەموو ڕەوانبێژێك، هێندەی یەکتر باسیان لە هونەرە خوازەییەکان نەکردووە، تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەن:

١. ئەو ڕووبەرەی ئیشیان لەسەر کردووە، جۆرەکانی بۆ سنووردار کردوون، هەیە لە دیوانێك یان چەند دیوانێك کاری لەسەر ڕەوانبێژی کردووە، هەیانە لەم ڕووبەرەش کەمتر بووە.

٢. هەموو نووسەرێك شێوازی خۆی هەیە لە ئیشکردن لە کاری ڕەوانبێژیدا، واتە مەرج نییە هەموو بەلاغییەك، هەموو هونەرە خوازەییەکانی بەلاوە گرنگ بێ.

نووسەرانی ئەم بوارە لە ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەم زۆرن، بەڵام ئەوانەی سەرمەشقی ئەم بوارەن و بە کتێب باسیان لە ڕەوانبێژی کوردی کردووە، هەروەها لە خوازە و جۆرەکانی دواون، بریتین لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە:

### یەکەم : عەزیز گەردی

بە یەکەم نووسەری کورد دادەنرێت، کە بە کتێب خزمەتی گەورەی بە ئەدەبی کوردی کردووە، یەکەم نووسەری کوردیشە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە بواری بەلاغەت و ڕێزمان و ئەدەبی کوردی جێگە دەستی دیارە، هەرچەندە پێش ئەم (شێخ نوری)یش لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر ڕەوانبێژی نووسیوە، بەڵام نووسینەکەی ئەو لە چەند وتارێکی کورت زیاتر نییە و نەبووە بە کتێب.

لە بەرگی یەکەمی کتێبی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی)دا، دەڵێت: ((خوازە بریتییە لەوە، کە وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ)) (١٩٧٢، ٦٧)، دوابەدوای ئەم پێناسینەش، دوو جۆری بۆ خوازە دەستنیشان کردووە، کە ئەمانەن:

یەکەم : خوازەی زمانی: ئەو خوازەیەیە، کە پەیوەندییەکەی لێکچوون بێت.

ئەمیشی کردووە بە دوو جۆرەوە:

یەك : خواستن

بنەرەتەکانی خواستنیشی کردووە بە چوار جۆر، ئەوانیش بریتین لە: (بۆخواستراو – لێخواستراو – خواستراو – نیشانەی خواستن).

بۆ دروستکردنی خواستن، پێنج هەنگاوی دیاری کردووە، کە ئەمانەن:

١.چوواندنی نهێنی ٢.پەیوەندی هەردوولا ٣.لەبیرخۆ بردنی چو اندنە نهێنییەکە

٤.تێکەڵ کردنی هەردوولا ٥.نیشانەی خواستن.

جۆرەکانی خواستنیشی بۆ ئەم جۆرانە دابەش کردووە:

١.خواستنی ئاشکراو خواستنی درکاو

٢.خواستنی نەژادی و خواستنی پاشکۆیی

٣.خواستنی ڕاستەقینە و خواستنی ڕامانی

خواستنی ئاشکرایشی کردووە بە دوو جۆرەوە :

١.خواستنی ڕێك ٢.خواستنی بە پلار

دابەش کردنی خواستنی کردووە بە سێ بەشەوە:

١.خواستنی پاڵێوراو ٢.خواستنی پەتی ٣.خواستنی بەرەڵا

دوو : خوازەی بەرەڵا

هەموو خوازەیەکی تری زمانی دەگرێتەوە کە پەیوەندییەکەی لێکچوون نەبێت، ئەمیشی بۆ چەند پەیوەندییەك دابەش کردووە، کە ئەمانەن:

١.پەیوەندی چاوگی ٢.پەیوەندی هاماوی ٣.پەیوەندی پاژەیی

٤.پەیوەندی شوێنی ٥.پەیوەندی هۆیەتی ٦.پەیوەندی بەرهۆیی

٧.پەیوەندی پەیوەستی و پەیوەستراوی ٨.پەیوەندی خاوەنێتی ٩.پەیوەندی هەبوونی

دووەم : خوازەی ژیری

بەڕێزیان دەڵێن: لەبەرئەوەی خوازەی ژیری لە دانەپاڵ هاتووە، دانەپاڵیش ئیسنادی زۆرە، بە تەنیا سێ لە جۆری دانەپاڵی باسکردووە :

١.دانەپاڵ هۆ ٢.دانەپاڵ کات ٣.دانەپاڵ شوێن

## دووەم : عەلائەددین سەججادی

بەڕێزیان دەڵێن: ((خوازە وە یا خوازمان لە دەستووری زمانی کوردیدا ناون بۆ ئەو واتایەی، کە لە زمانی عەرەبیدا بە (مجاز) گوزارشتی لێ دراوەتەوە)) (٢٠١٩، ٥٩).

خوازەی کردووە بە دوو جۆرەوە، ئەوانیش بریتین لە:

١.خوازەی ژیری- عەقڵی: ئەوەیە کە کردەوەیەك بدرێتە لای شتێك، وە یا یەکێك، کە لەڕاستیدا ڕەوا نەبێ بدرێتە لای ئەو.

٢.خوازەی زمانی- لوغەوی: مەبەست لەم گوزارشتە ئەوەیە، وشە لە کاتی خۆیا، کە دانراوە بۆ شتێکی تایبەتی دانراوە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ گوزارەیەکی تر، وە ئەبێ پەیوەندی لە نێوانی هەر دوو گوزارەکەدا هەبێ، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندێك بێ هەست بۆی بچێت و بیدۆزێتەوە، نەوەك پەیوەندی ڕاستەقینە، کە جیا نەبوونەوەیە.

هەروەها دەڵێن: دەبێ بزانرێ، کە زیاتر (خوازە) بەسەر (خوازەی بەرەڵا- مجاز مرسل)دا سەرەونخوون ئەکرێتەوە، ئەم خوازەی بەرەڵایەش جیاکردنەوەی لەگەڵ خواستندا ئەوەیە، کە ئەگەر پەیوەندی لە نێوانی دوو شتەکەدا، واتە؛ لێ خواستراو و بۆخواستراو لێکچوون بوو، ئەوە خواستنە.

**سێیەم : عەبدول سەلام سالار**

بەڕێزیان دەربارەی خوازە وتوویانە: ((لە زمانی میللەتاندا، خوازە بایەخێکی زۆری پێدراوە، چونکە سەرچاوەیەکی گرنگی بنیاتی وێنەی ڕەوانبێژییە)) (٢٠٠٠، ٧٤).

باسی لە جۆرەکانی خوازەش کردووە و بەم شێوەیە دابەشی کردوون:

یەکەم : خوازەی زمانی

خوازەی زمانی کردووە بە دوو بەش، کە بریتین لە:

ا.خواستن ب.خوازەی بەربڵاو

ا. خواستن :

چوار (٤) جۆری بۆ خواستن دەستنیشان کردووە کە ئەمانەن:

١.خواستنی بەرجەستەکراو ٢.خواستنی ماددی

٣.خواستنی ژیان بەخشین ٤.خواستنی گواستنەوەی هەستەکان

خواستنیشی بە پێی (لێخواستراوو بۆخواستراو) بەم شێوەیە دابەش کردووە:

١.خواستنی ئاشکرا ٢.خواستنی شاراوە ٣.خواستنی هاودژی (العنادیة)

٤.خواستنی گونجاو (الوفاقیة) ٥.خواستنی ڕوون (العامیة) ٦.خواستنی قووڵ (الخاصیة)

٧.خواستنی هاتنەدی (التحقیقیة) ٨.خواستنی ئەندێشەیی

٩.خواستنی هەستپێکراو لەڕووی هەستییەوە ١٠.خواستنی هەستپێکراو لەڕووی ژیرییەوە

١١.خواستنی ژیری بۆ ژیری ١٢.خواستنی هەستپێکراو بۆ ژیری ١٣.خواستنی ئازاد

١٤.خواستنی رووت ١٥.خواستنی ڕازاوە ١٦.خواستنی نواندن

ب. خوازەی بەربڵاو :

لە خوازەی بەربڵاویشدا چەند پەیوەندییەکی ئاماژە پێکردووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.پەیوەندی پاژەیی ٢.پەیوەندی ئامێری ٣.پەیوەندی پەیوەستراوو پەیوەست

٤.پەیوەندی پەیوەست و پەیوەستراوی ٥.پەیوەندی گشتی و تایبەتی ٦.پەیوەندی هۆ

دووەم : خوازەی ژیری

لە خوازەی ژیریشدا چوار (٤) جۆر دانەپاڵی دیاری کردووە، کە ئەمانەن:

١.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ کات ٢.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ شوێن

٣.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ هۆ ٤.خوازەی ژیری بە دانەپاڵ چاووگ

## چوارەم : ئیدریس عەبدوڵڵا

چوارەم نووسەری کوردە، وەك شارەزایەکی بواری رەوانبێژی خزمەتی بە کتێبخانەی کوردی کردووە، چەند کتێبێکی بۆ ئەم بوارەی ئەدەب نووسیوە، لە کتێبی (لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، باسی زۆربەی لایەنەکانی

ڕەوانبێژی کردووە، لە باسی خوازەدا دەڵێت: (( بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ بێجگەی ئەو واتا فەرهەنگییە دروستەی هەیەتی، لەگەڵ بوونی قەرینێك، زمانی بێت، یان ژیری، ڕێگری بكات، لەوەی کەوا ئەم وشەیە وەکو درووست بەکارهێنراِبێ و بیچەسپێنێت، کە دەبێت بۆ واتای خوازەیی بەکارهێنرابێت)) (٢٠١١، ١٦٣-١٦٤)، جۆرەکانی خوازەشی بە م شێوەیەی لای خوارەوە بە ووردی باسکردووە:

یەکەم: خوازەی زمانی

ئەمیش دوو جۆرە:

١.خواستن: ((لێرەدا پەیوەندی نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی وشەکان، لێکچوونە)) (باطاهر، ٢٠٠٨، ٢٤٩)

٢.خوازەی ڕەها: ((لێرەدا پەیوەندی نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی، لێکچوون نییە)) ((باطاهر، ٢٠٠٨، ٢٥٠).

خوازەی ڕەها بە بوونی ئەم پەیوەندییانە، چەندین جۆری تری لێ دروست بووە، گرنگترین ئەم پەیوەندییانەش لێرەدا بەخاڵ دەژمێرین، دواتریش نموونەمان بۆ هەریەکەیان، کە لە دیوانەکەدا هەبێت هێناوەتەوە. پەیوەندییەکانیش بریتین لە:

١.پەیوەندی کەرتی ٢.پەیوەندی گشتی ٣.پەیوەندی تایبەتکردن

٤.پەیوەندی گشتاندن ٥.پەیوەندی ڕابردوویی ٦.پەیوەندی داهاتویی

٧.پەیوەندی پێویستی ٨.پەیوەندی پەیوەستی ٩.پەیوەندی مەحەللی

١٠.پەیوەندی هۆیی ١١.پەیوەندی بەرهۆیی ١٢.پەیوەندی سەرچاوەیی

١٣.پەیوەندی بەدەلی

دووەم: خوازەی ژیری

خوازەی ژیریش بە هەمان شێوەی خوازەی ڕەها، بە پێی ئەو پەیوەندییەی نێوان دراوەپاڵی دروست و دراوەپاڵی خوازەیی، کردوویەتی بە شەش جۆر، یەکێك لە جۆرەکان، کە خاڵی شەشەمە، داهێنراوی بەرێزیانەو پێشتر باس نەکراوە.

١.پەیوەندی کاتی ٢.پەیوەندی شوێنی ٣.پەیوەندی بەرکاری

٤.پەیوەندی هۆیی ٥.پەیوەندی سەرچاوەیی ٦.پەیوەندی پەیوەستەکی شوێنی

دواتر لە کتێبی (کۆوانەکانی ڕەوانبێژی)دا، یازدە جۆری پەیوەندی خوازەیی دیاری کردووە، پێناسەی بۆ کردوون و نموونەی بۆ هەموویان هێناوەتەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕیزبەندی کردوون:

١.خوازە بە پەیوەندی شوێنی ٢.خوازە بە پەیوەندی کاتی

٣.خوازە بە پەیوەندی ژمارەیی ٤.خوازە بە پەیوەندی ئاوەڵناوی

٥.خوازە بە پەیوەندی بەرکاری ٦.خوازە بە پەیوەندی ئامێری

٧.خوازە بە پەیوەندی کەرتی ٨.خوازە بە پەیوەندی گشتی

٩.خوازە بە پەیوەندی ڕابردوویی ١٠.خوازە بە پەیوەندی ئاییندەیی

١١.خوازە بە پەیوەندی هاوسێیەتی

## پێنجەم : موحسین گەردی

لەلای ئەم شارەزایەی بواری ڕەوانبێژیش خوازە بەپێی بەکارهێنانی، لەلایەنی ژیری و زماندا دابەش دەبێ بۆ دوو جۆر :

یەکەم / خوازەی ژیری

لە پێناسەی خوازەی ژیری دەڵێن: ((ئەوەیە وشەیەك بدرێتە پاڵ وشەیەك، کە مافی درانە پاڵی نەبێ، گەر لەبەر بوونی پەیوەندی نێوانیان نەبێ)) ( ٢٠١٣، ١٦٦).

دواتر باسی له‌ جۆركانی په‌یوه‌ندی درانه‌پاڵی له‌ خوازه‌ی ژێریدا كردووه‌، كردوویه‌تی به‌ چه‌ند جۆرێكه‌وه‌، كه‌ ئه‌مانه‌ن:

١.دانه‌ پاڵ كات ٢.دانه‌ پاڵ شوێن ٣.دانه‌ پاڵ هۆ

## دووه‌م / خوازه‌ی زمانی

له‌م جۆره‌شیاندا به‌ڕێزیان ده‌ڵێن: ((لادانی وشه‌یه‌ له‌ مانای بنه‌ڕه‌تی خۆی بۆ مانایه‌كی تر له‌گه‌ڵ بوونی په‌یوه‌ندییه‌ك له‌ نێوان هه‌ردوو ماناد‌ا، نیشانه‌یه‌كیش هه‌بێ قه‌ده‌غه‌ی مانای یه‌كه‌م بكات)) (٢٠١٣، ١٧٢).

خوازه‌ی زمانیشی به‌ پێی په‌یوه‌ندی نێوان هه‌ردوو ماناكه‌ كردووه‌ به‌ دوو به‌ش، ئه‌وانیش بریتین له‌

## به‌شی یه‌كه‌م : خوازه‌ی به‌ربڵاو

واته‌ : به‌كارهێنانی وشه‌ بۆ مانایه‌كه‌ تری جیا له‌ مانای بنه‌ڕه‌تی خۆی، به‌ هۆی بوونی په‌یوه‌ندییه‌ك له‌ نێوان هه‌ردوو واتادا، ئه‌م په‌یوه‌ندییه‌ش وێكچوون نه‌بێ، نیشانه‌یه‌كیش هه‌بێ قه‌ده‌غه‌ی مانای یه‌كه‌م بكات.

هه‌ندێك له‌ په‌یوه‌ندییه‌كانیش بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه‌:

١.په‌یوه‌ندی گشتی ٢.په‌یوه‌ندی هه‌نده‌كی ٣.په‌یوه‌ندی شوێنی

٤.په‌یوه‌ندی په‌یوه‌ست بوون ٥.په‌یوه‌ندی هۆیه‌تی ٦.په‌یوه‌ندی ئامێری

٧.په‌یوه‌ندی ژماره‌یی

به‌شی دووه‌م : خوازه‌ی وێكچوون/ خواستن

لێره‌شدا ده‌ڵێت: خواستن به‌پێی دابه‌شبوونی له‌ نێوان تاكه‌ وشه‌ و ڕسته‌دا دوو جۆری هه‌یه‌:

١.خواستنی تاك ٢.خواستنی وێنه‌

به‌ گشتی ئه‌م نووسه‌رانه‌ی كورد خوازه‌یان كردۆته‌ خواستن، كه‌ له‌سه‌ر په‌یوه‌ندی لێكچوون داده‌مه‌زرێ له‌ نێوان بنه‌ڕه‌ته‌كانی، له‌گه‌ڵ په‌یوه‌ندییه‌ خوازه‌ییه‌كانی دامه‌زراو له‌سه‌ر غه‌یری لێكچوون.

خواستنیان كردۆته‌ ئه‌م جۆرانه‌:

١.خواستنی ئاشكرا ٢.خواستنی دركاو ٣.خواستنی نه‌ژادی

٤.خواستنی پاشكۆیی ٥.خواستنی ڕاسته‌قینه‌ ٦.خواستنی ڕامانی

خوازه‌شیان به‌م جۆره‌ باسكردووه‌:

١.خوازه‌ی كاتی ٢.خوازه‌ی شوێنی ٣.خوازه‌ی هۆیی ٤.خوازه‌ی به‌رهۆیی

به‌شی دووه‌م : خوازه‌ به‌ نموونه‌ی شیعریی دیوانی ته‌مه‌ن

خوازه‌ وه‌ك لایه‌نێكی فراوان و گرنگی ڕوونبێژی، ده‌كرێت به‌ دوو جۆری سه‌ره‌كییه‌وه‌، ئه‌وانیش بریتین له‌: (خوازه‌ی ژیری و خوازه‌ی ره‌ها)، ئێمه‌ش ئه‌م دوو جۆره‌ی خوازه‌مان كردووه‌ به‌ دوو ته‌وه‌ره‌ی جیا، له‌ دیوانی (ته‌مه‌ن)ی (ئه‌حمه‌د محه‌مه‌د)ی شاعیر به‌نموونه‌وه‌ باس له‌ جۆره‌كانی خوازه‌ ده‌كه‌ین.

## ته‌وه‌ره‌ی یه‌كه‌م/ خوازه‌ی ژیری

خوازه‌ی ژیری له‌ ره‌وانبێژی عه‌ره‌بیدا به‌ (المجاز الحكمی) و (والاسناد المجاز)ی هاتووه‌، بریتییه‌ له‌ ((دانه‌پاڵی كار، یان هه‌ر شتێكی دی، كه‌ هاوواتای كاره‌كه‌ بێت، جگه‌ له‌وه‌ی كه‌بۆی دانراوه‌)) (عتیق، ٢٠٢٠، ١٤٤).

خوازه‌ی ژیریش به‌هۆی جۆری ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ی نێوان وشه‌ی خوازراو بۆ كاری دانه‌پاڵی دروست و خوازه‌یی پێكدێنن، ده‌كرێت به‌ چه‌ند جۆرێكه‌وه‌، هه‌ندێكیان به‌ نموونه‌وه‌ باس ده‌كه‌ین:

١.خوازه‌ به‌ په‌یوه‌ندی شوێنی :

لێرەدا خوازتنەکە مەرجە پەیوەندی بە شوێنەوە هەبێت، وشەیەکە بۆ واتایەکی تر بەکار دێت و تیایدا ((باس لە شوێن دەکرێت و مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لەو شوێنە دەور دەبینێت، واتە: بکەری خوازەیی شوێنەکەیە، بکەری درووستیش خەڵکی شوێنەکەیە، پەیوەندی نێوانیشیان شوێنە)) (ئیدریس عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٨٦)، بکەری خوازەیی وشەی خوازراوە، بکەری درووستیش بنەچە و بنەرەتی وشەکەیە، بکەری خوازەیی لە جێی بکەری دروست بەکاردێت.

چیاکانیش بێ وەنەوزێ نیگابانی شار ئەکێشن

کوچەوکۆڵان بەهێمنی بەرگی تەنیایی ئەپۆشن (٦٦)

کوچەوکۆڵان، واتە : خەڵکی گەرەك و کۆڵان

کوچەوکۆڵان : وشەی خوازەییە

خەڵکی گەرەك و کۆڵان : وشەی دروستە

قەرینە یان مەبەستەکە عەقڵییە، کوچەوکۆڵان بەرگی تەنیایی ناپۆشێت، واتە: کوچەوکۆڵان هەست بە تەنیایی ناکەن، ئەوەی هەستی پێ دەکەن، خەڵکی نێو کوچەوکۆڵانەکەیە، پەیوەندی نێوانیان شوێنییە، کوچەوکۆڵان شوێنی ژیان وکۆبوونەوەی خەڵکە، کوچەوکۆڵان وشەی خوازراوە و خەڵکی گەرەك و کۆڵانیش وشەی دروستە.

پەنجەرەی ئەم عەشقەی ئێمە بەرامبەر بە خۆرنشینە

وەکو کانی ئەم هەوارە ساف و بێگەرد و شیرینە (٨٢)

وەکو کانی ، واتە: وەکو ئاوی کانی

کانی : وشەی خوازراوە

ئاو : وشەی دروستە

قەرینە عەقڵییە، کانی ناخورێتەوە، ئەوەی دەخورێتەوە ئاوی ناوکانییەکەیە، ئەویش ئاوێکی ساف و بێگەرد و شیرینە، کەواتە لێرەدا باسی شوێن هاتووە و مەبەست لە ئەوەیە کەلەناو شوێنەکەدا هەیە، پەیوەندی نێوانیان شوێنییە، بەمەش وێنەی خوازە بە پەیوەندی شوێنی دروست بووە .

شار بێدەنگ وکپ و خامۆش دەنگم بە هیچ کەسێ ناگا

هاوارێکی دەم بەخەندە بۆ خۆشبەختی بانگم ناکا (٩٩)

شار ، واتە : خەڵکی شار

شار : وشەی خوازراوە

خەڵکی شار : وشەی دروستە

قەرینە عەقڵییە، عەقڵ پێمان دەڵێت شار بێدەنگ وکپ و خامۆش نابێت، بێدەنگی وکپ و خامۆشی سیفەتی مرۆڤە و دراوە بە شار، لێرەدا مەبەست خەڵکی شارە، کە بێدەنگ وکپ و خامۆشن، پەیوەندی نێوان وشەی خوازراو و وشەی دروست شوێنییە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی شوێنی دروست بووە.

هاتووم ئەمشەو وەکو باران، لەناو چاوتا داکەمەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

گریانێك بم وەكو ئاسمان، بەهیچ كەسێك ژێرنەبمەوە (١٨٦)

گریانێك بم وەكو ئاسمان ، واتە : بارانێك بم وەكو ئاسمان

گریانێك : وشەی خوازەییە

بارانێك : وشەی دروستە

قەرینە عەقڵییە، گریان هەرگیز وەكو ئاسمان نابێت، لەبەر ئەوەی ئاسمان شوێنە، مەبەست لە گریانێك بم وەكو ئاسمان، واتە بارانێك بم وەكو ئەوەی لە ئاسمانەوە دەبارێت و دێتە خوارەوە، پەیوەندی نێوانیان شوێنییە و خوازە بە پەیوەندی شوێنی دروست بووە.

١.خوازە بە پەیوەندی كاتی :

پێویستی بە بوونی كات هەیە تا ئەم جۆرە بێتە ئاراوە، ((لێرەدا شت دەدرێتە پاڵ كات، لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەیە لە نێوان واتای خوازەیی (كات) لەگەڵ واتای درووست، كە بریتییە لە «ئەوەی لەناو ئەو كاتە دەژی»)) (عەبدوڵلا، ٢٠١١، ١٧٧)

چەند نموونەیەك لە دیوانەكە وەردەگرین:

ئێوارەیە و گەشەی هەتاو ماڵئاوایی ئەكا لە شار

زەردەپەڕی دەمەومەغریب سەرهەڵئەگرێ لەشەوی تار (٦٦)

زەردەپەڕ لە شەو سەر هەڵناگرێ، لە خەڵكانی نێو شەوەكە سەر هەڵدەگرێ، واتە: باسی (شەو) كراوە، كە كاتەو مەبەست خەڵكی نێو ئەو كاتەیە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی كاتی دروست بووە.

لە هێمنی هێمنتر بووی چۆن رووبارێك پەی پێ بردی

ڕۆژگارێكی رەش و تاریك لە چاوانی منی كردی (٧٧)

ڕۆژگارێكی رەش و تاریك، مەبەستی لە خەڵكی ڕۆژگارەكەیە، كە خەڵكێكی خراپ و بێ ئەمەك و بە ئیرەیی لەو ڕۆژگارە دروست بووە، بووە بە دركی نێوانیان و لێكیان كردوون، باس لە ڕۆژگار كراوە و ڕۆژگاریش كاتە، خوازە بە پەیوەندی كاتی دروست بووە.

ئەو دەمانەی لەتۆ دوورم

هەموو دنیا لەمن دوورە (١٥٠)

هەموو دنیا لەمن دوورە، واتە: هەموو خەڵكی دنیا لەمن دوورە، خوازەیە بە پەیوەندی كاتی، لەبەر ئەوەی باسی كات كراوە.

## تەوەرەی دووەم/ خوازەی رەها

وشەیەكی بەكارهاتووە بۆ واتایەكی تر لەوەی كەبۆی دانراوە، بە مەرجێك قەرینەیەك هەبێت رێگری بكات لە واتای دروستی خۆی بەكار بهێنرێت، ((وشەیەكی خوازراوە بۆ واتایەكی تر بەكارهاتووە، بەهۆی بوونی پەیوەندییەكی لێكنەچوو لە نێوانیان و قەرینەیەك، ئەم قەرینەیە رێگری دەكات بۆ ئەوەی كە بۆ واتای دروستی خۆی بەكاربهێنرێت)) (الأسمر، ٢٠٠٥، ٩٨).

خوازەی رەهاش وەك خوازەی ژێری، بەهۆی بوونی پەیوەندی وشەی خوازەیی و وشەی دروست، دەكرێت بە چەند جۆرێكەوە، كە ئەمانەن:

١.خوازە بە پەیوەندی كەرتی

لەم جۆرەدا باس لە كەرت دەكرێت، بەڵام مەبەستی دروست گشتە نەك كەرت، بۆ نموونە:

گەرچی باخی شیعرەکانم وەك شێوەی تۆ گوڵبارانە

بەڵام چیبکەم پێکەنینم لەژێر هەوری خەمبارانە (٢٣)

باسی پێکەنین کراوە کە کەرتە، بەڵام مەبەستەکە خۆیەتی کە گشتە، چونکە ئەوە خۆیەتی لەژێر هەوری خەمباراندا کەوتووە، نەك پێکەنینەکەی، ئاخر ئەگەر خۆی لەژێر خەمە سەختەکە نەبووایە، لەداخا پێکەنینی نەدەهات، کە ئەم پێکەنینە پێکەنینی خەمە و ئاسایی نییە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی کەرتی دروست بووە.

ئەی ئێستاکە ئاهت بۆکرد بە هاودەمی هەناسەی من

خۆزگەت بۆکرد بە گوڵێکی زەرد و تینوی دواکاسەی من (٤٩)

مەبەست لە (ئاه)، ئەوە، مەبەست لە هەناسەی من (شاعیر خۆیەتی)، ئەوان کەرتی هەردوانن، کە دوانەکان دولبەر و شاعیر گشت و مەبەستن، ئاهو هەناسە کەرتن، کەرت هاتووە و گشت لابراوە، بەوەش وێنەیەکی خوازەیی بە پەیوەندی کەرتی دروستبووە.

شار بێدەنگ وکش و خامۆش دەنگم بە هیچ کەسێك ناگا

هاوارێکی دەم بە خەندە بۆ خۆشبەختی بانگم ناکا (٩٩)

واتە کەسێکی دەم بە خەندە، کەسێك نییە بتوانێت دڵخۆشی بکات، باسی کەرت هاتووە، بەڵام مەبەستەکە گشتە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی کەرتی دروست بووە.

٢.خوازە بە پەیوەندی گشتی

بە پێچەوانەی خاڵی یەکەم، وشەی خوازراو گشتە و مەبەست لێی کەرتە، بۆ نموونە:

هەناسەکەم خۆ نەمتوانی هەناسەیەك هەناسەت بم

بۆ حەرفێکی ماڵئاوایی زەردەخەنەی پڕ تاسەت بم (٧٧)

هەناسەیەك واتە یەك هەناسە، یان یەکجار هەناسەت بم لە کۆی گشت هەناسەکانت، هەناسەیەك کەرتە، کاتێکی کورت کە هەزاران هەناسەی تیایە، گشتە، مەبەست گشتەکەیە بە کەرت گوزارشتی لێکراوە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی گشتی دروست بووە.

غەریبیتان تیشکی خۆری ناو رووبارەو ئەدات لەڕووم

تەمەن تاسەی ئێوە ئەکات ، بەبێ ئێوە بەساڵاچووم (٢٦)

تەمەن گشتە، واتە لەو کاتەوەی یارەکەی ناسیوە، تا پێی دەگات نەك هەموو تەمەن، چونکە قەرینەی عەقڵی دەڵێت: خۆ لە ساتی لەدایکبوونیدا خۆشەویستی نەکردووە، بۆیە با بەگشتیش قسەی کردبێت، بەڵام مەبەست هەر کەرتە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی گشتی دروست بووە.

چی لە باخی هەڵوەریوکەم گوڵی خۆزگەم لێ نەچنیوە

لەو ڕۆژەوەی لەخۆر دوورم سایەی باڵای خۆم نەدیوە (١٠٧)

لێرەدا باسی باخ کراوە، مەبەست دارە، کە گوڵی لێ دەوەرێ، باخ کۆمەڵێك داری تێدایە، کە بەشێك لەم دارانە گوڵ دەگرن، گوڵیش سروشتی وایە دوای ئەوەی تەواو گەش دەبێت، ئیتر گەڵاکانی هەڵدەوەرێ، داریش گشتە و گوڵیش کەرت، بەمەش وێنەی خوازە بە پەیوەندی گشتی دروست بووە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٣.خوازە بە پەیوەندی تایبەتکردن

وشەیەکە تایبەتە بە یەك شت یان یەك کەس

خامەی دەستم هەنسك ئەداو نۆ شیعرێکی ئەگرێنێ

لە دەست غوربەتی تۆ ناچار وشەکانی ئەشێوێنێ (١٧٢)

خامە بە واتای پێنوس یان (قەڵەم) هاتووە، خامە تایبەتە بە یەك شت، ئەو شتەش نووسینە، لێرەدا خامە وشەی خوازەییە و تایبەتە بە یەك شت، دەکرێت هەندێك جار تایبەتیش بێت بە یەك کەس، چونکە زۆرجار دەوترێت (فلان کەس خاوەنی قەڵەمی خۆیەتی)، واتە یەك شێواز تایبەتە بە یەك کەس، بەمەش خوازە بە پەیوەندی تایبەتکردن دروست بووە.

٤.خوازە بە پەیوەندی گشتاندن

وشەی خوازراو گشتگیرەو بۆ زۆر مەبەست دەبێت

تەمەن بۆچی وا بێ وەفای ساتێك لەرێی من ناوەستی

دەستم دەگری بەرەو پیری و دەرگای خۆزگەم لێ دەبەستی (١٠٤)

لێرەدا تەمەن، مەبەستی لە کاتە، کە بە خێرایی دەڕوات و ڕاناوەستێت، کات گشتگیرە بۆ گشت قۆناغەکانی تەمەن، وشەی خوازراو تەمەنە، وشەی تەمەنیش بۆ زۆر مەبەست بەکار دێت، بەمەش خوازە بە پەیوەندی گشتاندن دروست بووە.

٥.خوازە بە پەیوەندی بەدەلی (جێگرەوە)

شتێکە لەجیاتی شتێکی دیکە هاتووە.

لە پاییزی چارەنوسا گەڵایەکم بێ ناونیشان

ئەستێرەی گریاوی منە، بۆت ئەڕوانێ شەودرەنگان (٢٩)

ئەستێرەی گریاو، واتە: چاوی گریاو، ئەستێرە وشەی خوازراوە و لەجیاتی چاو هاتووە، وێنەی خوازەیی بە پەیوەندی بەدەلی دروست بووە.

٦.خوازە بە پەیوەندی ئایندەیی

وشەی خوازراو باس لە شتێك دەکات لە داهاتوو پێی دەناسرێت

لە کەناری دەریای ژینا لە بێکەسی بێکەستترم

خۆ من ئەهلی مەستانە نیم، لە بادەنۆشان مەسترم (٤٠)

مەستانە، وێنەی خوازەییە بە پەیوەندی ئایندەیی، چونکە باسی ئایندە هاتووە کە (مەستی)یە، بەڵام مەبەست خواردنەوەیە نەك مەستی.

٧.خوازە بە پەیوەندی پێویستی (لازمی)

واتای دانراو بۆ وشەی باسکراو پێویست بێت بۆ واتا خوازەییەکەی بۆ نموونە:

ڕازاوەی کەن ئەم هەوارە با شەوانی چراخان بێ

با سەرچاوەی کانێسکانی شوێن ئارامی ئاسکەکان بێ (١٦٠)

چراخان بێ، واتە: ڕووناك بێ، واتای دانراو چراخانە و پێویستە بۆ ڕووناکی، کە واتا خوازەییەکەیەتی، بەمەش خوازە بە پەیوەندی پێویستی دروست بووە.

وەرە ئەی دڵ ئاوێنە، دڵی پاکم بدوێنە

تەنیا هیوام بە تۆیە چرایەك داگیرسێنە (١٤٨)

چرایەك داگیرسێنە، وشەی خوازەییە، واتە: ڕوناکییەك بخەرە ژیانمەوە، کە واتا خوازەییەکەیەتی، واتای دانراو بۆ وشەی خوازراو پێویستە، خوازە بە پەیوەندی پێویستی دروست بووە.

٨.خوازە بە پەیوەندی پەیوەستی (مەلزومی)

واتای دانراو بۆ وشەی باسکراو پەیوەست بێت بۆ واتا خوازەییەکەی، بۆ نموونە: ڕوناکی دەرکەوت، واتە: خۆر دەرکەوت.

من چاوەڕێی سێبەرێك بووم تا لەگەڵتا ئارام بگرم

چیدی لەخەم دەست بەردەم و ئیتر ئەشکی خەم نەسڕم (١٥٣)

سێبەرێك، واتە: خانوویەك، بوونی سێبەرێك لەگەڵ دولبەرەکەی، هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ئارام بگرێت، لێرەدا وشەی باسکراو سێبەرێکە بۆ واتا خوازەییەکەی کە خانووە، بەمەش خوازە بە پەیوەندی پەیوەستی دروست بووە.

ئێستا لە دالدەی کام کۆشکای تا دەروازەت لێ بکاتەوە

مانگەشەو بویت ئەتویست هەتاو باوەشت بۆ بکاتەوە (١٥٨)

هەتاو، سەرچاوەکەی خۆرە و پەیوەستە بە خۆرەوە، واتای دانراو بۆ وشەی باسکراو پەیوەستە بە واتا خوازەییەکەی، بەمەش خوازە بە پەیوەندی پەیوەستی دروست بووە.

٩.خوازە بە پەیوەندی ئامێری

ئەوەیە کە وشەی خوازراو ئامێرە و بە واتای شتێك هاتووە، بۆ نموونە:

ئەستێرەیەك خامۆش کراو لە ڕەشماڵی شەویان ئالان

تفەنگ هات و خەوی زڕان شیرین خەوی برد بە تالان (٦٩)

لێرەدا تفەنگ خوازەیە بە پەیوەندی ئامێری، باسی ئامێر کراوە کە تفەنگە، بەڵام مەبەست لە خاوەنی تفەنگەکەیە، کە کەسێکی چەکدارە.

١٠.خوازە بە پەیوەندی هۆیی و بەرهۆیی

خوازە بە پەیوەندی هۆیی ئەوەیە، کە ((واتای دانراو بۆ وشەی هێنراو، هۆ بێت بۆ واتا خوازەییەکەی لە دەربڕیندا، هەروەها خوازە بە پەیوەندی بەرهۆییش ئەوەیە، کە واتای دانراو بۆ وشەی بەکارهێنراو هۆکار بێت)) (عاکوب، ١٩٩٩، ٥٠٢).

دوا هەتاوی خۆشەویستیم لە چاوی تۆ ئەبێ

ئیتر شنەی دوا سەرنجم بەشوێن پێتا هەنگاو نانێ (٩٦)

لەم نموونەیەدا هەردوو وێنەی خوازە بە پەیوەندی هۆیی و بەرهۆیی هەیە، ئەمەش جۆرێکی زۆر تێکچنراو و هونەرییە، کە لە یەك وشەدا دوو جۆری خوازەیی بەرهەم هێنابێ، ئەسڵی بەیتەکە لەسەر وشەی هەتاوەکە چڕ دەبێتەوە، لە یەك کاتدا دوو هونەر دروست دەکات، بەم شێوەیە:

١. هەتاو لەجیاتی خۆر هاتووە، چونکە بەرهۆیی خۆرەکەیە، ئەگەر خۆر نەبێ هەتاو نابێ، ئەمەش خوازەیە بە پەیوەندی بەرهۆیی، واتە بەرهۆ هاتووە و مەبەست هۆیە.

٢.ئینجا مەبەست لە خۆرەکەش، ڕۆژە نەوەك خۆری ئاسمان، لێرەشدا خۆر هاتووە بە پەیوەندی هۆیی، چونکە باسی هۆکراوە، کە خۆرەو مەبەست بەرهۆکەیە کەوا ڕۆژە.

ئەم جۆرە نموونانە، بەرهەمی زۆر چڕکردنەوەی ئاخاوتنە، لە ڕێگەی کورتبڕی زۆرەوە ئەنجام دەدرێن، کارێکی داهێنانی (ئیبداعی) ناوازەیە، دەق ئەدەبی دەکاتە دەق نوخبەوی (بژاردە)، بژاردە نەبێ خوێنەری ئاسایی و تەنانەت گەلێ خوێنەری ئاست بەرزیش ناتوانن بچنە بنج و بنەوانی ئەم جۆرە تێکستانە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوەمان بەدەست هێناوە:

١.خوازە یەکێکە لەو هونەرە ڕوونبێژیانەی وێنەی جۆراوجۆر لە ئەدەبدا دروست دەکات.

٢.هەموو جۆرێکی خوازە هەر بەرهەمی کورتبڕییە.

٣.ڕەوانبێژانی کورد هەموویان، کە باسی خوازەیان کردووە، هێندەی یەك ژمارەی شێوەکانی خوازەیان ئاماژە پێ نەداوە، هەریەکەو باسی هەندێکی کردووە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم : کتێب بە زمانی کوردی


١.عەبدوڵڵا، ئیدریس (د)، (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی بە نموونەی حەمدی و خاجی قادری کۆیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چ١، هەولێر.

٢.عەبدوڵڵا، ئیدریس (د)، (٢٠١٢)، شێواز، چاپخانەی منارە، چ١، هەولێر.

٣.عەبدوڵڵا، ئیدریس (د)، (٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر.

٤.سەجادی، عەلائەدین (د)، ( ٢٠١٩ )، خۆشخوانی، انتشارات کوردستان ، سنە.

٥.گەردی، عەزیز (د)، (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بغداد.

٦.گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی (د)، (٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، چاپخانەی نارین، چ١، هەولێر.


### دووەم : کتێب بە زمانی عەرەبی


٧.الأسمر، راجي، (٢٠٠٥)، علوم البلاغة، الموسوعة الثقافية الشاملة، دار الجيل، بيروت، لبنان.

٨.السكاكي، أبي يعقوب يوسف محمد بن علي، (١٩٣٧)، مفاتح العلوم، مطبعة مصطفى البابي و أولاده، ط١، مصر.

٩.القيرواني، أبي علي الحسن بن رشيق، (١٩٨١)،الأزدي، العمدة، الجزء الأول، ط٥، دار الجيل، سوريا.

١٠.بن طاهر، بن عيسى، (٢٠٠٨)، البلاغة العربية، مقدمات وتطبيقات، دار كتاب الجديد المتحدة، ط١، ليبيا.

١١.عصفور، جابر أحمد ، (١٩٧٤)، الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، كلية الاداب، جامعة قاهره، قاهرة.

**سێیەم : کتێب بەزمانی ئینگلیزی.**

Elithabeth Knowles, Oxford advanced learnrs dictionary-١٤ ,٢٠١٨ ,٢٠ Edition.

**چوارەم : نامەی ئەکادیمی ماستەر.**

١٥.علی، دنیا شهاب، ( ٢٠١٥ )، هونەری ڕوونیێژی لە شیعرەکانی بێخود دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٦.عەبدولرەحمان، عەبدول سەلام سالار، ( ٢٠٠٠ )، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**پێنجەم : فەرهەنگ بەزمانی کوردی.**

١٧.موکریانی، گیو، ( ٢٠١٧ )، فەرهەنگی نۆبەرە، پێداچوونەوەی: د.کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چ٢، هەولێر.

**شەشەم : پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنتەرنێت بەزمانی عەرەبی.**

١٨.معجم المعاني الجامع، (٢٠٢١)،قاموس: عربي-عربي، مادة (مجاز)، موقع الكتروني، www.agmaany.com.

١٩.عتيق، عبدالعزيز، (٢٠٢١)، علم البيان، جزء الأول، ص١٤٤، من الأنترنيت، www.almerga.Com.,


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360